پ1/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە .
1- هێشوو 2- ئەلۆفۆن 3- درێژی دەنگ 4- ئاواز 5- بڕگەی درێژ

پ2/ بۆچوونی کۆڕی زانیاری کورد سەبارەت بە ڕێنووسی کوردی ڕوونبکەوە تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە (ئامرازەکانی بەستن) ەوە هەیە .

پ3/ جیاوازی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی بەکورتی و بە نموونەوە باس بکە .

پ4/ چۆن فۆنیمەکانی زمانێک دەستنیشان دەکەیت ، نموونە لە زمانی کوردی بهێنەوە .

پ5/ هێزی سەرەکی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ پاشگری ( شوێن ) دەکات بە وردی و بە نموونە ڕوونیبکەوە .
پ6/ بەوردی باسی گونجان لەڕووی ( لێوخڕبوونەوە ) بکە .

پ7/ ئەم دەقەی خوارەوە بە ڕێنووسی لاتینی بنووسە.
**( بۆت نوسیوم بۆت بنوسم کە من چیم دوندی قەندیل و گۆڕەپانی هەڵگورد نیم)**
پ8/ لەم دەقەی خوارەوەدا بڕگەکان لەیەکتر جیابکەوە.
**( لە هەموو هەورێک باران نییە)**
پ9/ لەم دەقەی خوارەوەدا بڕگە کراوە و داخراوەکان دەستنیشانبکە.
**( ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە)**
پ10/ لەم دەقەی خوارەوەدا بۆ هەر بڕگەیەک قاڵبەکەی بنووسە.
**( کە چوومە ژوورەوە پیاوەکانم بەم شێوەیە دیت دەچەوسێنرانەوە بەجاری بێ ئومێد بووم)**
پ11/ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە .
2- نیمچە ڤاوڵ ، 2- بڕگەی کراوە ، 3- ڤاوڵ (بزوێن) ، 4- فۆنیمی کەرتی ، 5- ئەلۆفۆن

پ12/ چۆن دەیسەلمێنی ( ص ) فۆنیم نییە لە زمانی کوردیدا ؟ وەڵامەکەت بە نموونە ڕوون بکەوە .

پ13/دابەشبوونی تەواوکەری بە نموونەوە ڕوون بکەوە .

پ14/ جیاوازی نێوان ( هێشوو و بەدوای یەکداهاتن ) چییە ؟ بە نموونەوە باسی بکە .

پ15/ یەکێک لە دیاردە دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا بریتییە لە ( **سوان ، کەوتنی کۆنسنانت** ) ،
ئەم دیاردەیە بە نموونەوە ڕوون بکەوە .

پ16/ ئەم وشانەی خوارەوە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆڕی زانیاری بۆ ڕێنووسی کوردی بنووسە . (12نمرە)

**1**-( ڕ ، وو ، خ ، ۆ ، ش) **2**- ( ڕ ، ۆ ، چ ، وو ، ن ) **3**- ( UN )

**4**- ( ک ، و ، ڕ ، ی ، ب ، ا ، ش ) **5**- ( خ ، و ، ا ، ر ، د ، م ، ی ، ا ، ن)

**6**- ( ک ، و ، ر ، د ، ی ، ی ، ن ، ا ، و ، ە ، ڕ ، ا ، س ، ت )

پ17/ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە .
3- فۆنیم ، 2- بڕگەی داخراو ، 3- کۆنسنانت (نەبزوێن) ، 4- هێشوو ، 5- ئاواز

پ18/ چۆن دەیسەلمێنی ( د ، م ، ق ، ب ) فۆنیمن لە زمانی کوردیدا ؟ بە نموونە و بە وردی ڕوونی بکەوە .

پ19/نیمچە ڤاوڵ چییە ؟ لە کوردیدا چەند فۆنیم و لە چ کاتێکدا ئەم ئەرکە دەبینن ؟ بە ووردی و بە نموونەوە ڕوونی بکەوە .

پ20/ ئەلۆفۆن چییە ؟ چۆن دوو دەنگ دەبن بە ئەلۆفۆنی یەکتر ؟ بەوردی و بە نموونەوە باسی بکە .

پ21/ یەکێک لە دیاردە دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا بریتییە لە ( **گونجان لەڕووی گڕی دەنگەوە**) ئەم دیاردەیە بە نموونەوە ڕوون بکەوە .
پ22/ گونجان لەڕووی ( لێوخڕبوون) ەوە چییە؟ ڕوونی بکەوە.

**پ23/** ئەلۆفۆن چییە ؟ جۆرەکانی چین؟ بەووردی و بە نموونەوە ڕوونی بکەوە .

**پ24/** لە وشەکانی ( یاریگا ، دۆستایەتی ، بێ هێز ) دا ، هێزی سەرەکی (یەکەم) دەستنیشان بکە . تێبینی (ئەگەر بەباشی دەزانی وشەکان بە لاتینی بنووسە) .

**پ25/** پێنج قالبی بڕگە لەزمانی کوردیدا بنووسە بۆ هەر قالبێک دوو نموونە بهێنەوە